# دەستبەندێک بۆ چاودێری منداڵان




کاتژمێر و دەستبەندی هۆشمەند بۆ گەورەساڵان گەلێکن، هەرچەندە منداڵانیش لە جیهانی تەکنەلۆژیای نوێدا لەبیر نەکراون و بەڵکو لە گەورەکان زیاتر ئامێری هۆشمەندیان هەیە، یەکێك لەو ئامێرانە دەستبەندی هۆشمەندی جۆری move trackە، ئەم دەستبەندە جگە لەوەی کە بۆ منداڵان سەرنج راکێشە، دەتوانێت شوینی هەنووکەی منداڵەکە بۆ دایك و باوکیان دەستنیشان بکات، تەنانەت ئەگەر پێویستیشی کرد سەرپەرشتیارانی منداڵ دەتوانن بە دەنگ پەیامیان بۆ بنێرن. لەم دەستبەندەدا دەتوانیێ ژمارەی دە کەسی تێدا تۆمار بکرێ کە هەرکاتێك پێویستی کرد پەیوەندی پێوەبگرن. وەك ژمارەی دایك و باوك و ناوەندەکانی پۆلیس و ئیمرجنسی.. دەستبەندەکە پشتیوانی لە سیستەمی wifi,gps, gsm دەکات.



## کیبۆردێک لە یەک کاتدا بۆ سێ ئامێر دەبێت

مۆبایل و لاپتۆپ و تەبلێت، لە راستیدا لاپتۆپ زۆر پێویستی بە کیبۆرد نییە، بەڵام تەبلێت و مۆبایل لە راستیدا بەهۆی بچووکی کیبۆردە مەجازییەکەیان ناکرێ وەك کیبۆردی لاپتۆپ سوودی لێببیندرێ، بۆیە کۆمپانیای لاجتیك کیبۆردێکی تایبەتی بەرهەم هێناوە کە لە یەك کاتدا بۆ هەر سێ ئامێرەکە دەبێت.. کیبۆردی جۆری K۷۸۰ کیبۆردێکی وایەرلەیسە، بەهۆی بلوتوس یا وای فایەوە لەگەڵ ئامێرەکان پەیوەند دەدرێت. خاڵی گرنگی لەوەدایە لەیەك کاتدا بۆ سێ ئامێر دەبێت رەنگە پرسیار هەڵبگرێ چۆن ئایا بابەتەکان لەهەر سێ ئامێردا وەك یەك دەنووسرێن؟ نەخێر بەڵکو دوگمەیەك هەیە لەسەر کیبۆردەکە دەتوانی لە نێوان ئامێرەکاندا ئاڵوگۆڕ بکەی. جگە لەوەش شوێنی دانانی تەبلێت و مۆبایلی هەیە. کیبۆردەکە بە دوو باتری کۆنترۆڵ کار دەکات و هەتا دوو ساڵ پێویستی بە گۆڕینیان نابێت.




# کامێرایەک وەک کاتژمێری دەست

کامێرای هۆشمەند چەند ساڵێکە لە جیهانی دیجیتالیدا خۆیان دەرخستووە، بۆ نموونە کامێرای Frodo کە دەکرێ بڵێین سمارتترین کامێرای دیجیتالییە، کامێراکە لێنزێکی ١٢٠ پلەیی هەیە بە کوالیتی فول ئێچ دی وێنەکان تۆمار دەکات.

فێردۆ ستایلەکەی وەك کاتژمێری دەستە، دەکرێت لە دەستی بخەی یان بە سوکانی ئۆتۆمبیل یان پایسکیلی بخەی. سیستەمێکی دژە لەرزی تێدایە و لەو کاتانەی کە بە توندیش دەلەرزی وێنەی جوان دەگرێت. کامێراکە شەحن دەبێتەوە.




# مۆمێک بە مۆبایل دادەگیرسێت

سەردەمی تەکنەلۆژیای نوێ هەموو شتێك و هەموو شوێنێکی تەنیوە، ئەگینا مۆم ئەوەیە ببێتە بە هۆشمەند و دیجیتالی. کۆمپانیای لودلا لەم ماوەیەدا مۆمێکی سمارتی بەرهەم هێناوە کە بەهۆی مۆبایلەوە دەتوانی پێی بیکەی و بیکوژێینەوە.

مۆمە هۆشمەندەکە سادەترە و بێ گرفترە لە مۆمی دیکە. کەمێك مۆمی تێدایە کە تەواو بوونی نییە و بەهۆی مۆبایلەوە هەڵدەکرێت و دەکوژێتەوە. پرۆگرامێکی تایبەت بە مۆمەکە لەسەر مۆبایل دادەنرێت بە یارمەتی پرۆگرامەکە مۆمێك یان چەند مۆمێك دەکرێت پێکەوە دابگیرسێنی.. شتێك لە ناو مۆمەکەدایە کە وەك چەرخ کار دەکات هۆشمەندە و باترییەکی تێدایە کە مۆمەکە دادەگیرسێنێ، ئەگەر لەناکاو کەوتە خوار یان منداڵێکی لێی نزیك بۆوە ئۆتۆماتیکی دەکوژێتەوە، مۆمەکە سەداسەدی سروشتییە و فتیلەکەی ناوی هەمیشەییە و قەت ناسووتێت.




# کامێرای ئەکشنی سۆنی بە کوالیتی K4

کۆمپانیای سۆنی لە بواری تەکنەلۆژیای نوێدا کۆمپانیایەکی ناسراوە و بەناوبانگە، بەتایبەتی لە بەرهەمهێنانی کامێرای دیجیتالیدا، دیارە بەر لە کامێرای دیجیتالیش لە کامێرای ئەنالۆگیشدا سەرکەوتوو بوو.

ئەو کۆمپانیای ژاپۆنییە بەم دواییە کامێرایەکی ئەکشنی بەناوی FDR-X300R بەرهەم هێناوە، کە دەتوانێت لە کاتی جوڵەدا جوانترین وێنە و فیلم هەڵبگرێ بێ ئەوەی کە بە جوڵە وێنەکان تێك بچن.. ئەم جۆرە تەکنەلۆژییە بۆ یەکەمجارە لەلایەن سۆنی تاقی دەکرێتەوە. هەربۆیە دەتوانی لەسەر ئۆتۆمبیل، پایسکل و ئامێرەکانی دیکەی گواستنەوەی خێرا دابندرێ.. هەروەها شاشەیەکی بچووکی لەگەڵدایە کە وەك کاتژمێرێك لە دەست دەخرێت و بە هۆیەوە دەتوانی کۆنترۆڵی کامێراکە بکەی، جگە لەوەش بەهۆی پرۆگرامێکی تایبەتییەوە کە دەخرێتە سەر مۆبایل بە ئاسانی کۆنترۆڵی کامێراکە دەکرێت. شایانی ئاماژە پێدانە کوالیتی کامێراکە لەکاتی فیلمگرتندا K4ە. مایکێکی بەهێزی هەیە کە بۆ شوێنە قەرەباڵغەکان گونجاوە و دەنگە دەنگ ناهێڵێت و تۆماری ناکات، بۆ نموونە ئەگەر گڤەی با بێت و تۆش بتهەوێ فیلم هەڵبگریەوە دەنگی بایەکە تۆمار ناکات. دەتوانی کامێراکە بۆ قوڵایی ئاو بەری و بێ گرفت وێنە و فیلم هەڵبگریەوە.





## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێك پرسیارێکی ئاراستەکردووین دەڵێت پرۆگرامی دونلۆد مەنجەرم دابەزاندووە بەڵام ئێستاکە هەرکە دەیکەمەوە پەیامێك دێت دەنووسرێ کێشەی سریال نەمبەرت هەیە بۆ چارەسەری کێشەکە چ بکەم؟**

خوێنەری بەڕێز خۆت دەزانێ پرۆگرامەکان بە زۆری بە پارەن، بەڵام لەلای ئێمە کراك دەکرێن واتە کۆدەکەیان دەشکێنن، بۆ چارەسەری کێشەکەت بچۆ سەر بەشی پرۆگرامەکان و داونلۆد مەنجەر بدۆزەوە و دواتر فایلی IDMGrHlp.exe بدۆزەوەو بیسرەوە، دواتر فایلی idmBroker.exe کۆپی بکەوە و ناوەکەی بە IDMGrHlp.exe بگۆڕە.. پێموایە کێشەکە چارەسەر بێت.

# چەند زانیارییەکی پێویست لە پرۆگرامی word دا

لە پرۆگرامی word دا بەتایبەتی word2016 تایبەتمەندی گرنگ هەن کە ئەگەر شارەزا بی ئاسانکاری زۆرت بۆ دەکات.. یەکێك لـەم تایبەتمەندیانە دانانی ڕێکەوتی ڕۆژ (تاریـخ) بەشـێوەی ئۆتۆماتیکیـە... بۆ ڕوونکردنـەوەی زیاتر بۆ نموونـە تـۆ فۆرمێکت هەیە کە مێژوو و ڕێکەوتی لەسـەر نووسراوە، بەڵام دەبێت هەموو ڕۆژێ ڕێکەوتەکە نوێ بکرێتەوە، بۆ ئەوە پێویست ناکات خۆت بەدەست ڕێکەوتەکـە بگۆڕی، بەڵکو بچۆ سـەر بەشی insert و لـەودا بەشـی data&tame بـدۆزەوە، شـێوازێکی ڕێکەوتەکە دیـاری بکـە... هێمای ڕاست لەسـەر update automatically بدە.. ئۆتۆماتیکی بەپێی ڕێکەوتی ڕۆژ دەگۆڕدرێت..

بەشـێکی گرنگـی دیکـە کـە پێویسـتە بەکارهێنـەر بیزانـی و تا ئاسـانکاری بۆ بکرێت بەشـی quick کە ئەویش هەر لە بەشـی insert دایـە، بەهـۆی ئـەو تایبەتمەندییەوە دەتوانی نووسـینێك کـە ڕۆژانە زۆر بـەکاری دێنـیێ جا پەرەگرافێك بێت، یان دێڕێك یان وشـەیەك... خشـتە، وێنە، فۆرم...تاد لەو شـوێنەدا خەزن بکرێت، هەرکاتێك مەبەسـتت بوو بە چوون بۆ سـەر ئەو بەشـە بە ئاسـانی دەسـتت پێیان ڕادەگا و پێویسـتت بە دووبارە نووسینەوەیان نییە...

# ورچەکەی مایکرۆسۆفت چ ئەرکێک ئەنجام دەدا

کۆمپانیـا گـەورەکان هـەرکام لـەلای خۆیانـەوە خەریکـی دروسـتکردنی ڕۆبۆتـن، کۆمپانیـای مایکرۆسـۆفت ڕۆبۆتـەکـەی خـۆی بەنـاوی bamboo بـەرهـەم هێنـاوە. ڕۆبۆتەکـە تایبەتـە بـە ئینتەرنێتـی کەلوپەل و لە سیستەمی ویندۆز ١٠ سوود وەرگیراوە. بەکارهێنـەر دەتوانێـت بـە هـەر زمانێـك لەگـەڵ ڕۆبۆتەکە پەیوەندی هەبێت. پاش لێکدانەوەی قسەکانی بەکارهێنـەر لـە سـەرەتادا بـۆ سـەر زمانی ئینگلیزی قسەکان وەردەگێڕێ و پاشان وەڵام دەداتەوە.



# سایتێک بۆ دروستکردنی پاسۆوردی گرنگ

پاسـۆورد گرنگترین کۆدی نهێنی هەر کەسـێکە، بەڵام لە دانانی پاسـۆورد دا زۆر کەمتەرخەمین و بە سـادە وەریدەگرین، وەك ناوی خۆمان یا ئازیزیکمان، یا ژمارە مۆبایل یا سـاڵی لەدایك بوون.. سـایت گەلێکی زۆر هەن بۆ دانانی پاسـۆورد بە شـێوەیەکی زانسـتی، یەکێك لەم سـایتانە سـایتی LastPass ە. لەم سـایتەدا بەشـێوەیەکی ئاڵۆزتر و بەهێزتر پاسـۆورد دروسـت دەکەی. تەنانەت دەتوانیێ پاسۆوردی ٩٩ کارەکتەری لەم سایتەدا دروست بکەی.